# ئاگادارێک

## کازیوە ساڵح

1- ئاگاداری هەموو لایەک دەکەمەوە کە دەستی ناپاکی دزین گەشتووە بە پاسوەردی ئیمێلەکانم و وەکو لە لایەن هەندێ برادەرەوە ئاگادار کرامەوە کە لە ئیمەیلی منەوە نامەی بە ووشەی ناشیرین ئاخنراو و هەندێکیش تەنها ژمارەیان لە ئیمەیلی منەوە پێ گەشتووە . تکایە ئاگاداری ئەوە بن کە من بە هیچ شێوەیەک بەرپرسیاری هیچ کام لەو نامانە نیم و ئاگام لێ نیە منیش یەکەم نووسەر نیم ئەو ئاکارە ناشیرینەی بەرانبەر دەنوێنرێت .

-2

2- بۆ سەرجەم ئەو بەرێزانەی لەم ئیمێلەوە نامەیان بۆ ناردوۆم kaziwa@kaziwasalih.com لە رۆژی 7ی فێبریوەریوە ئەو ئیمیلە لای من ناکرێتەوە، تکا دەکەم لە بری ئەو ئیمەیلە ئەمەیان بەکار بهێنن kazewas@hotmail.com

3- تا ئێستا چەند جارێک ئاگادار کراومەتەوە کە کەسێک بە ناوی منەوە لە پاڵتاک قسە دەکات و هەندێ جاریش نامەی گفتو گۆم لە سەر قسەکانی بۆ دێت ، هەر وەها پرسیاری ئەوەم لێ دەکرێت گوایە کەسێکی دی بە ناوی تۆقارەوە قسە دەکات منم یان نا ؟ ،بە تەواوی متمانەوە دەڵێم هەتا ئێستا بۆ ساتێکیش ئاگام لە بەرنامەکانی پاڵتاک نیە و تەنانەت ئەو پرۆگرامەشم لە سەر کۆمپیوتەرەکەم نەبووە و نیە ،ئەو کەسانەش هیچیان من نیم ، خوازیارم خەلکێکیش بەشداری ئەو پرۆگرامانە دەکەن بتوانن بە ناوی خۆیانەوە قسە بکەن نەک ناوی خەڵکانی دی ، وە خوازیارم ئەو بوچونانەش تەنها هەڵەی نێوان بیسەر و قسەکەر بێت و کەس ئەو مافەی بە خۆی نەدابێت بە ناوی خەڵکانی دییەوە قسە بکات ، حەز دەکەم ئەوەش لای بیسەری ئەو پرۆگرامانە ئاشکرا بێت ئەگەر ئەو کەسە تەنها بە ناوی کازیوە وە قسە بکات ئەوە مافی خۆیەتی دەکرێ بە سەدان کازیوە ناو هەبێت ، بەڵام ئەگەر بە ناوی کازیوە ساڵحەوە قسەی کرد یان لە قسەکانی ئاماژەیەکی دا کە منم یان لە قسەکانی ئاماژەی نووسین و کارێکی منی تێدا بوو بۆ ئەوەی بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەو گومانە لای بیسەر دروست بکات ئەو کەسە منم ئەوە دروست نیە . پێشێل کردنی ئازادی و مافی بەرانبەرە هیچ پاسایەکی مرۆیی و مۆراڵی لە خۆی ناگرێت ، دووبارەی دەکەمەوە کە من ئاگام لەو پرۆگرامانە نیە و بەشداری هیچیم نەکردووە ، خوازیارم هەموو ئەوانەس کە گۆێ بیستی ئەو کەناڵ و پرۆگرامانەن ئاگاداری ئەو ڕاستیە بن .